# چەند بۆچوونێکی جین شارپ لە بارەی ناتوندوتیژی لە دیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیموکراسی

نووسینی: جین شارپ
ئامادەکردن و وەرگێڕانی: محەمەدی مشیر

وتەیەکی پێویست

بایەخ و گرنگی ئەم بابەتە لەوەدانییە کە باسی چۆنیەتی رزگاربوونمان لە دیکتاتۆریەت دەخاتە بەردەست، بەڵکە نوێی ڕێوشوێنەکان و شێوازەکانی رزگاربوون زۆر جیاوازترن لەو شێوازانەی ساڵەهای ساڵە لە فەرهەنگ و کلتوری توندوتیژی ئێمەدا جێگەی خۆیان کردۆتەوەو بیرکردنەوەکانمانیان سنووردار کردووە، شێوازی (ناتوندوتیژی-Nonviolent ) لە دژی رژێمە دیکتاتۆرەکاندا، شێوازێکە بۆ ئێمە تازەیەو رەنگە لەگەڵ پێشینەی تێهزرین و بۆچوونە هزرییەکانی ئێمەدا کۆک نەبێ و نەگونجێ، بەڵام شێوازێکە شایستەی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی وردو زیاترە ئەگەرچی سەرەتا نەتوانێ لە نێو گێژەنگی بیرکردنەوەکانماندا پێگەیەکی پتەو داکوتێ. بەڵام دڵنیام هەوڵدان بۆ پڕاکتیزەکردنی ئەو شێوازە تێکۆشانە لە ئاییندەدا سوودی خۆی دەبێ و شوێنێک لە نێو رۆشنبیری ئێمەدا داگیردەکات.

نووسینەکانی د.جین شارپ ئەزموونێکی تایبەتن لە شێوازی (ناتوندوتیژی) بەرامبەر بە رژێمە دیکتاتۆرەکان لەهەر کونجێکی دونیادا، ئەم شێوازە شایانی زیاتر لە بارەوە زانینە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش حەزم کرد خوێنەری کوردو کوردستانی بەم بابەتە ئاشنابێ بەو ئومێدەی ئەگەر دەرفەتبوو لە داهاتوودا بەشێکی زیاتری نووسینەکانی جین شارپ و نووسەرانی دیکە لەم بارەیەوە بە وەرگێڕدراوی بخەمە بەردەستی خوێنەران.

لەگەڵ ڕێزمدا
ئامادەکار و وەرگێڕ: محەمەدی مشیر

بۆ زانیاری خوێنەر:

د.جین شارپ، توێژەرێکە لە ئەنیستیوی ئەلبێرت ئەنیشتاین لە (بۆستن)ی ویلایەتی (ماساتشوستس)ی ئەمریکا دەسبەکارە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەرە لە زانکۆی ئۆهایوو دکتۆرای هەیە لە تیۆری سیاسەت لە زانکۆی ئۆکسفۆردو دکتۆرای فەخری هەیە لە قانون، کە لە کۆلێژی مانهاتن بە دەستی هێناوە، هاوکات دکتۆرای فەخری هەیە لە راژەی مرۆڤایەتی لە کۆلێژی ریفیر.

جین شارپ پرۆفیسۆرێکی خانەنشیکراوی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ماساتشوستسە لە دارتموس و لە زانکۆی ئۆسلۆو ماساتشوستس لە بۆستندا وانە بێژبووە لە زانکۆی هارڤەرددا نزیکەی 30 ساڵ لە کاروباری نێودەوڵەتیدا توێژەربووە.

بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە 30 زمان وەرگێڕدراون، ئەم بابەتانەش بەشێکن لەنووسینەکانی جین شارپ لە بارەی ناتوندو تیژییەوە هاوکاتی دوو فەسڵ لە کتێبی ((لە دیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیموکراسیەت، چوارچێوەیەکی ویناسازی رزگاربوون)) کە چاپی یەکەمی لە ئایاری 2003دابووەو، چاپی دووەمی لە حوزەیرانی 2003 دا بووە.

((خاڵە گەوهەرییەکانی ناتوندوتیژی))

جین شارپ لەبارەی ناتوندوتیژیدا (Nonviolent) باس لە چەند خاڵێکی گەوهەری دەکات کە دەکری بەم شێوەیەی خوارەوە پوختیان بکەینەوە:

یەکەم- کرداری ناتوندوتیژ تەکنیکێکە بۆ پراکتیزەکردنی هێز لە ململانێدا بێئەوەی توندوتیژی جەستەیی بەکاربهێنرێت.

دووەم: سی جۆری ناتوندوتیژی سنووریان نییە کە بریتین لە:ا- نارەزایەتی ناتوندوتیژو ئیقناع کردن ،وەکو" لێدوانی میللی واژۆکراو و بەرزکردنەوەی ئالاو... ". ب- هاوکاری نەکردن، وەکو " نەدانی باج و بایکۆتکردنی کرینی کەلوپەل و کالای ئەو لایەنەی ململانێی لە گەلدا دەکەیت".ج- دەستێوەردانی ناتوندوتیژ، وەکو" مانگرتن لە خۆراک ".

سێیەم: کرداری ناتوندوتیژ شێوازێک پێشکەش دەکات بۆ کۆنترۆلکردنی هێز بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان و بەرپەرچدانەوەی نەیارەکان"خێوم"بەبی بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی.

چوارەم: کرداری ناتوندوتیژ کرداری کۆمەلێک یان ئاپۆرەی خەلکە.

پێنجەم: کرداری ناتوندوتیژ هەولێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانی و تاکە وەلامێکە بۆ ئەو پرسیارەی کە دەلی چۆن بە شێوەیەکی کارا کۆنترۆلی هێز دەکەین ؟

شەشەم: کرداری ناتوندوتیژ هیچ پەیوەندییەکی بەنێگەتیڤایەتی و خۆبەدەستەوەدان و ترسنۆکییەوە نییەو، هەروەکو لە دۆخی کرداری توندوتیژدا پێویستە ئەم ئاکارانە رەتبکرێنەوە و بە سەریاندا زالبیت.

حەفتەم: کرداری ناتوندوتیژ یەکسان ناکرێت لەگەل ئیقناعکردنی بە قسە یاخود ئیقناعکردنی سایکۆلۆژیانەی ئەبستراکت، ئەگەرچی لە کرداری ناتوندوتیژدا رەنگە ئەو جۆرە شێوازانەش وەک گوشاری دەروونی بەکاربهینرێت لە پێناو گۆرینی هەلوێستی بەرامبەر.کرداری ناتوندوتیژ ئامرازێکە بۆ تێکۆشان لە رێگای بەکارهێنانی هێزی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی لە جیاتی بەکارهێنانی قسە.

هەشتەم: مەرج نییە ئەو کەسانەی کرداری ناتوندوتیژ دەگرنەبەر خەلکانێکی دوورە گێچەل و پیاوچاک بن"قدیس"، چونکە پێرەوکردنی کرداری ناتوندوتیژ بەشێوەیەکی بەرفراوان و سەرکەوتووانە لە لایەن کەسانێکی" ئاسایی" یەوە ئەنجامدراوە، بە گوتەیەکی دیکە دەشی بلێین پابەندبوونی فەلسەفییانە بە ناتوندوتیژی، هەروەکو گاندی و لۆتەر کینگ داوایان کردووە، پێداویستییەکی بنەرەتییە، بەلام زەروور نییە بۆ ئەنجامدانی کردارێکی سەرکەوتوانەی ناتوندوتیژ.

نۆیەم: سەرکەوتن لە کرداری ناتوندوتیژدا پێویستی بە بوونی پرانسیپ و پێوانەی هاوبەش نییە لە نێوان چالاکڤاناندا، هەروەهاش پێویستی بەهەبوونی پلەی بالای بەرژەوەندی هاوبەش و لێکنزیکی دەروونی نێوان گرووپە رکابەرەکانیش نییە، ئەگەرچی ئەمانە هەندی لایەنن رەنگە یارمەتیدەربن لە بەدیهێنانی سەرکەوتندا.

دەیەم: لە کرداری ناتوندوتیژدا هیچ گریمانێک لە ئارادا نییە کە گوایە بەرامبەرەکە توندوتیژی بەکارناهێنی لەدژی چالاکڤانانی ناتوندوتیژیدا.

یازدەیەم: کرداری ناتوندوتیژ تەنها ئەو ململانێیە ناوخۆییانە ناگرێتەوە کە لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراسیدا پیادە دەکرێن، بەلکو بە شێوەیەکی فراوان دژی رژێمە دیکتاتۆرەکان و داگیرکارانی بیانی و تەنانەت لە دژی رژێمە ستەمکارەکانیش بەکارهاتووە.

دوازدەهەم: بەدیهێنانی سەرکەوتن لە رێگەی بەکارهێنانی ناتوندوتیژیدا مەرج نییە هەمیشە ماوەیەکی زۆرتری بوێت لەو ماوەیەی کە ململانێی توندوتیژ پێویستیەتی بەلکو زۆرجاران ئامانجەکانی لە ماوەیەکی کورتی چەند رۆژەدا بەدیهێناوە. ئەو ماوەیەی سەرکەوتنی تێدا بەدەست دێت متمانە دەکاتە سەر کۆمەلێک هۆکاری جیاواز، یەکەمینی ئەو هۆکارانەش هێزی ئەنجامدەرانی کرداری ناتوندوتیژییە، هێزی ئەوانەیە کە پێی هەلدەستن.

ئەمانەی لەو خالانەی سەرەوەدا باسیان لێوەکرا پوختەیەکی ئەو بۆچوونانەن کە جین شارپ لە بارەی شێوازی تێکۆشانی ناتوندوتیژیدا لە نوسینەکانی دەیانخاتەروو و روونیان دەکاتەوە، هەلبەت لەمەشدا سوودی لە گاندی و کینگ و کەسانی دیکەی وەک جان ماری مۆلەر و... تاد، وەرگرتووە و داهێنانی خۆیشی خستۆتە خزمەت ئەم بوارە.

((کرداری ناتوندوتیژی چۆن دەبێتە هۆی گۆران؟ ))

بەرای شارپ ناتوندوتیژی لە رێگەی سی شێوازی باودا دەتوانی گۆران بەدی بهێنێت کە بریتین لە مانەی خوارەوە: -

یەکەمیان: گۆرین"التغییر"/ لایەنی نەیار بە شێوەیەکی ئەرێنی رای خۆی دەگۆرێت بەرەو پەسندکردنی بۆچوونی چالاکڤانانی ناتوندوتیژی.

دووەمیان: سازاندن"التکیف"/ نەیاران هەلدەستن بە بەخشینی داواکارییەکانیان بێئەوەی بۆچوونی خۆیان بگۆرن.

سێیەمیان: ناچارکردنی ناتوندوتیژ"الاجبار اللاعنیف"/ گۆڕان لەم خاڵەیاندا دوور لە ویست و خواستی نەیار و بەبی ڕەزامەندی ئەو دەهێنرێتەدی، هۆی ئەمەش لەوەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرچاوەکانی هێز بەهۆی ئامرازەکانی ناتوندوتیژییەوە ریشەکێش دەکرێن بە جۆری کە نەیار کۆنترۆڵی لە دەست دەدات یاخود هیچ هێزێکی نامێنی بەکاری بهێنێت.

((198 کاری ناتوندوتیژ))

جین شارپ لەو باوەڕەدایە کە دەکری بۆ ئەنجامدانی شێوازی تێکۆشانی ناتوندوتیژی سوود لە 198 کاری ناتوندوتیژ وەربگیرێت لە لایەن چالاکڤانانی ئەم بوارەوە، لە خوارەوە چەند نموونەیەکی ئەو کارە ناتوندوتیژانە دەخەینەڕوو هەروەکو خۆی لە نووسینەکانیدا باسیان دەکات:

(1)

(شێوازەکانی نارەزایەتی دەربڕین و ئیقناع کردن بەبی توندوتیژی)

لێدوانە فەرمییەکان:1- وتارە گشتییەکان 2- نامەکانی بەرهەڵستکاری و پشتیوانیکردن 3- لێدوانی گشتی واژۆکراو ......تاد.

پەیوەندی کردن لە گەڵ ژمارەیەکی زۆری جەماوەر:1- دروشمەکان و وێنە کاریکاتۆرییەکان و سومبولەکان 2- بلاَوکراوە و نامیلکە و کتێبەکان 3- رۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤارەکان 4- سیدی تۆمارکراو و رادیۆ و تەلەفزیۆن .....تاد.

نوێنەرایەتی کردنی کۆمەڵە و گرووپەکان:1- شاندەکان 2- گرووپەکانی گوشار لە سەر ئەندامان .....تاد.

کاری سومبول ئامێزی گشتی:1- پیشاندانی ئالاَ و رەنگی سومبول ئامێز 2- نارەزایەتی بە جلوبەرگ دامالین 3- بەکارهێنانی رووناکی وەک سومبولێک 4- وێنەکێشان وەکو ئامرازێکی نارەزایەتی نیشاندان .....تاد.

گوشارخستنە سەر تاکەکان: 1- "راوەدوونانی" فەرمانبەران 2- گوناهبارکردنی گاڵتە ئامێز و شەرمەزارکردنی فەرمانبەران......تاد.

دراماو موزیک:1- چیرۆکی خەندەئامێزی کورت و فرۆفێڵی پێکەنیناوی 2- نمایشکردنی شانۆگەری و موزیک 3- گۆرانی وتن.

رێپێوانەکان:1- هەموو شێوەکانی رێپێوان 2- خۆپیشاندانەکان 3- کاروانی ئۆتۆمۆبیل....تاد.

رێزگرتن لە مردووەکان:1- تازییەی سیاسی 2- رێزگرتن لە مردووەکان لە شوێنەکانی ناشتندا 3- جەنازەی وەهمی......تاد.

(2)

(رێگەکانی هاوکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی)

رەتکردنەوەی کەسەکان:1- بایکۆتی کۆمەڵایەتی 2- بێبەشکردنی ئەو کەسانە لە چوونە کڵێسا .....تاد.

هاوکاری نەکردن لە گەڵ رووداوە کۆمەڵایەتییەکان و خووەکان و دامەزراوەکان:

1- راگرتنی چالاکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی 2- مانگرتنی قوتابیان 3- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی 4- کشانەوە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.

کشانەوە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی:1- نەچوونەدەر لە ماڵ 2- بەهیچ شێوەیەک هاوکاری نەکردن 3- خۆدزینەوەی کرێکاران 4- ونبوونی بە کۆمەڵ ....تاد.

(3)

(رێگەکانی هاوکاری نەکردنی ئابووری)

ر- بایکۆتە ئابوورییەکان

ئەو کارانەی بەکاربەران ئەنجامی دەدەن: 1- بایکۆتی بەکاربەران (مستهلکین)

2- بەکارنەهێنانی ئەو کالاَیانەی بایکۆت دەکرێن 3- بەکرێ نەدان 4- بایکۆتی نیشتمانی بەکاربەران 5- بایکۆتی نێودەوڵەتی بەکاربەران.

ئەو کارانەی کرێکاران و بەرهەم هێنەران ئەنجامی دەدەن:1- بایکۆتی کرێکاران

2- بایکۆتی بەرهەم هێنەران.

ئەو کارانەی موڵکداران و کارگێری پێی هەڵدەستن: 1- بایکۆتی بازرگانان 2- نەفرۆشتنی موڵک و بەکری نەدان 3- یارمەتی نەدانی پیشەسازییانە 4- مانگرتنی بازرگانی گشتی.

ئەو کارانەی خاوەن یاخود بەکرێدەرانی سەرچاوە ئابوورییەکان پێی هەڵدەستن:

1- کێشانەوەی پارە لە بانکەکان 2- نەدانی باج و قەرزەکانی حکومەت و ڕەتکردنەوەی خەملاندنی باجەکان 3- بڕینی پارەو کارتەکانی متمانە

4- ڕەتکردنەوەی پارەکانی حکومەت.

ئەو کارانەی حکومەتەکان پێی هەڵدەستن: 1- ناوی بازرگانەکان دەخرێتە لیستی ڕەشەوە 2- دەست بەسەرکردنی نێودەوڵەتی کڕیاران 3- دەست بەسەرکردنی نێودەوڵەتی فرۆشیاران ....تاد.

(4)

(ڕێگەکانی هاوکاری نەکردنی ئابووری)

ب- مانگرتنەکان

مانگرتنی ڕەمزی: 1- مانگرتنی نارەزایەتی 2- پاشەکشەی بە پەلە.

مانگرتنی کشتوکاڵی: 1- مانگرتنی جوتیاران 2- مانگرتنی کرێکارانی کێڵگەی کشتوکاڵی.

مانگرتنی گرووپە تایبەتەکان: 1- مانگرتنی زیندانیان 2- مانگرتنی ئەندامانی سەندیکا 3- مانگرتنی پیشەیی.

(5)

( ڕێگەکانی هاوکاری نەکردنی سیاسی )

ڕەتکردنەوەی دەسەڵات: 1- کێشانەوە یاخود نیشان نەدانی وەفاداری 2- ڕەتکردنەوەی پشتیوانیکردنی گشتی 3- نووسینی وتارگەلێک پشتگیری بەرهەڵستکاران بکات.

هاوکاری نەکردنی هاووڵاتیان لە گەڵ حکومەتدا:

1- بایکۆت کردنی دەستەکانی یاسادانان

2- بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان

3- بایکۆت کردنی دامەزران و پلەی حکومی 4- بایکۆت کردنی ئەو ڕێکخراوانەی لە لایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێن .

ئەو کارانەی فەرمانبەرانی حکومەت ئەنجامی دەدەن:

1- کوسپ خستنە پێش هێڵەکانی فەرمان و زانیارییەکان 2- هاوکاری نەکردنی کارگێڕی گشتی 3- یاخیبوون 4- کوسپ خستنە پێش و دواخستنی بەفێڵ .

ئەوانەی لە سەرەوە پێشکەش کران چەند خاڵێک بوون لەو 198 کارە ناتوندوتیژانەی جین شارپ لە نووسینەکانیدا باسیان لێوەدەکات.

* دەسەڵات لە کوێوە دێت؟

ئەرکی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەک ئازادیو ئاشتی تێدا هەبێ، ئەرکێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە لێزانی مەزنو ڕێکخستنو پلاندانان هەیەو، لەمەش زیاتر پێویستی بە هێز هەیە چونکە بزووتنەوە دیموکراسیخوازەکان ناتوانن رژێمێکی دیکتاتۆر بڕوخێننو ئازادی سیاسی بهێننە بەرهەم بەبێ توانای پڕاکتیزەکردنی کارای هێزەکانیان.

بەڵام ئەمە چۆن دەبێ؟ جۆری ئەو هێزە چییە کە بزووتنەوە دیموکراسیەکان دەتوانن بەکاری بهێنن و بە جۆرێ بەشی لەناوبردنی دیکتاتۆریەتو تۆڕە بەربڵاوەکانی سەربازیی و پۆلیسی بکات؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە لەوەدا خۆی حەشارداوە کە پێویستە سەرەتا لە هێزی سیاسی تێبگەین، کە زۆرجاران فەرامۆشکراوە، بەهەرحاڵ تێگەیشتن لەم دیتنە قورس نییە چونکە ڕاستییە بنەڕەتییەکان ئاسانن.

ئەفسانەی "سەرگەورەی مەیمونەکان"

چیرۆکێکی چینی سەدەی چواردەمین هەیە، (لیوجی) نووسیویەتی بەشێوەیەکی پوخت ئەم لێتێگەیشتنە فەرامۆشکراوەی هێزی سیاسی ڕووندەکاتەوە (1)

لە ویلایەتی تشووی فیودالّی پیاوێکی پیر دەژیا، ئەو پیرە پیاوە توانیبووی لە ڕێگەی ئەو مەیمونانەی کە بۆ خزمەتکردنی خۆی تەرخانی کردبوون زیندوو بمێنێتەوەو، خەڵکی تشو ناویان لێنابوو (جو گونگ ئای) واتە "سەرگەورەی مەیمونەکان".

ئەو پیاوە پیرە هەموو بەیانیان مەیمونەکانی لە گۆڕەپانەکەیدا کۆدەکردەوەو فەرمانی دەدایە گەورەترینیان کە بەرەو چیاکان ڕێنمایی بکا تاکو میوە لە نێو درەختە چڕەکاندا کۆبکەنەوە. سەرگەورەی مەیمونەکان ڕێسایەکی بەسەریاندا دەسەپاند کە دەبوایە هەر مەیمونێک دە دانە لەو میوانەی کۆیکردۆتەوە بداتە ئەو، هەر مەیمونێکیش لەم کارەدا سەرپێچی بکردایە بێڕەحمانە جەڵدی دەکرد، گرفتاری مەیمونەکان گەڵی مەزن بوو بەڵام نەدەوێران دەنگی ناڕەزایی بەرزبکەنەوەو شکایەت بکەن.

شەوێکیان مەیمونێکی بچووک لەوانی دیکەی پرسی "ئایا پیاوە پیرەکە هەموو ئەو تەڕاشو درەختانەی چاندووە؟ لە وەڵامدا گوتیان، نەخێر بۆ خۆیان شین دەبن" دواتر مەیمونە بچووکۆڵەکە پرسی "ئایا ناتوانین بەبێ ئیزنی پیاوە پیرەکە میوە کۆبکەینەوە؟ وەڵامیان دایەوە "بەڵێ دەتوانین" مەیمونە بچووکۆڵەکە گوتی "باشە بۆچی متمانە بکەینە سەر پیاوە پیرەکە، بۆچی لەسەرمانە خزمەتی بکەین؟!

تێکڕای مەیمونەکان لە مەبەستی مەیمونە بچکۆڵەکە تێگەیشتن بەر لەوەی قسەکانی تەواو بکات، هەر لە هەمان شەودا کاتێک پیاوە پیرەکە چووە سەر جێگەو کەوتە خەوێکی قووڵەوە، مەیمونەکان سەرجەم ستووندی قەفەسەکانیان شکاندو دەستیان بەسەر ئەو میوانە داگرت کە پیرە پیاو ئەمباری کردبوونو لەگەڵ خۆیاندا بردیانەوە جەنگەڵ.

لە پاش ئەو شەوە مەیمونەکان تا هەتایە نەگەڕانەوە لای پیرە پیاوەکەو لە کۆتاییدا لە برسان مرد.

زی لیوجی دەڵێ: "هەندآ لە دەسەڵاتداران بە فڕوفێڵ گەلەکانیان حوکم دەکەن نەوەکو بە پرانسیپی ئەخلاقی، ئەوان بەسەر گەورەی مەیمونەکان دەچن، چونکە شێواوی زەینی خۆیان هەست پێناکەن و درک ناکەن کە لەو چرکەیەدا کە خەڵک لە فڕوفێڵەکانیان دەگەن، کارایی فڕوفێڵەکانیان نامێنێ"..

سەرچاوە زەرورییەکانی دەسەڵاتی سیاسی

پرانسیپەکە لێرەدا سادەیە، حاکمە دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە یارمەتی ئەو گەلە هەیە کە حوکمی دەکەن، چونکە بەبێ ئەو یارمەتییە ناتوانن سەرچاوەکانی هێزی سیاسی دابین بکەن و بپارێزن، سەرچاوەکانی هێزی سیاسی ئەمانەی خوارەوە دەگرنەخۆ:

-دەسەڵات: خەڵک باوەڕ بە ڕەوایەتی ڕژێم بهێنن و گوێڕایەڵی بە ئەرکێکی ئەخلاقی بزانن.

-سەرچاوە مرۆییەکان: ژمارەو بایەخی ئەو کەس و گرووپانەی گوێڕایەڵو هاوکارن و یارمەتی حاکمەکان دەدەن.

-لێزانیو مەعریفە: ڕژێم پێویستی پێیان دەبێ بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی دیاریکراو، کەسان و گروپە هاوکارەکان دابینی دەکەن.

-هۆکارە نابەردەستەکان: بریتین لەو هۆکارە سایکۆلۆژی و هزریانەی کەوا خەڵک هاندەدەن گوێڕایەڵ بن و یارمەتی حاکمەکان بدەن.

-سەرچاوە ماددییەکان: بریتین لە پلەی کۆنترۆڵ و هەژموونی حاکمەکان لەسەر موڵکەکان و سەرچاوە سروشتییەکان و سەرچاوە داراییەکان و سیستەمی ئابووری و هۆیەکانی گەیاندن و گواستنەوە.

-سزاکان: ئەو سزا پراکتیزە کراوانە دەگرنەوە کەوا ڕژێم دەیانسەپێنێ یان هەڕەشەی سەپاندیان دەکات لە کاتی یاخیبوونەکان یان هاوکاری نەکردندا بۆ گارانتی کردنی ملکەچی و هاوکاریکردن، کە هەردووکیان لە پێناو مانەوەی ڕژێم و تواناکەی پێویستن لە پێناو جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی.

تێکڕای ئەم سەرچاوانە متمانە دەکەنە سەر پەسەندکردنی ڕژێمی فەرمانڕەواو ملکەچی و گوێڕایەڵی کۆمەڵانی خەڵک و هاوکاریکردنی هاووڵاتییان و گەلی لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا، ئەمانەش سەرچاوەی مسۆگەرنین.

هاوکاری و گوێڕایەڵی و پشتیوانی تەواو تێکرا کاردەکەن بۆ دابینکردنی زیاتری سەرچاوەکانی هێزی پێویست و دواتریش مەودای هێزی هەر حکومەتێک فراوانتر دەکەن، لە بەرامبەریشدا قەدەغەکردنی هاوکاری میللی و دامەزراوەیی لە دەستدرێژکاران و حاکمە دیکتاتۆرەکان کاریگەرن بۆ کەمکردنەوەو ڕەنگە بڕینی ئەو سەرچاوانەی هێز کە سەرجەم حاکمەکان پشتی پێدەبەستن، ئیدی بە نەمانی ئەم سەرچاوانە هێزی حاکمەکان لاواز دەبێ و دەتوێتەوە.

حاکمە دیکتاتۆرەکان هەستیارن بەرامبەر بەوکارو هزرانەی هەڕەشە لەو دەسەڵاتەیان دەکەن و ناهێڵن هەرچی پێیان خۆشبێ ئەنجامی بدەن، دەرەنجام هەڕەشە دەکەن بە سزادانی ئەوانەی گوێڕایەڵەیان نین یان زەبریان لێدەوەشێنن یاخود هاوکاریان ناکەن، ئەمەش کۆتایی مەسەلەکە نییە چونکە سەرکوتکردنو کاری دڕندانە هەمیشە نابنە هۆی گەڕانەوەی پلەی پێویستی ملکەچیو هاوکاری کە پێویستن بۆ کارکردنی رژێمی فەرمانڕەوا.

کاتێکیش فشار دەخرێتە سەر سەرچاوەکانی هێز یان تاماوەیەکی چاک دەبڕدرێن سەرەڕای سەرکوتکردن، رەنگدانەوە بەراییەکان دەبنە هۆی نائارامی و شێواوی رژێمی حوکمە دیکتاتۆرەکان و، دواتریش لاوازبوونی هێزیان، بە تێپەڕبوونی کات رێگرتن لە سەرچاوەکانی هێز دەبێتە هۆی ئیفلیجبوون و بێتوانایی رژێمی فەرمانڕەواو لێکهەڵوەشانەوەی لە حاڵەتەکانی دواتردا و دەرەنجامی کۆتاییش هێزی حاکمە دیکتاتۆرەکان دادەمرکێتەوە لە ئەنجامی برسیەتی سیاسی.

پلەی رزگاربوون یان چەوسانەوە کە لە هەر حکومەتێکەوە، سەرچاوە بگرێ دەوەستێتە سەر سووربوونی رێژەیی مەحکومەکان لەسەر ئازادی و ئارەزوو توانایان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەوڵانەی بە نیازی بە کۆیلەکردنیان ئەنجام دەدرێن.

بە پێچەوانەی رای باو تەنانەت رژێمی حوکمە دیکتاتۆرە ستەمکارەکانیش پشت دەبەستێ بەهاوڵاتییان و ئەو کۆمەڵگایانەی فەرمانڕەواییان دەکەن، لەمبارەیەشەوە لە ساڵی 1953 دا زانای سیاسی (کارل دیتش) دەنووسێ:

"هێزی ستەمکار تەنها لەو حاڵەتەدا بەهێزە کە بە زۆری ناچاری بەکارهێنانی ئەم هێزە نەبێ، بەڵام ئەگەر پێویستی بە بەکارهێنانی بەردەوامی هێزەکەی بوو لە دژی سەرجەم هاوڵاتییاندا ئەوا ئەگەری بەردەوامی ئەوهێزە لاواز دەبێت، جا لەبەر ئەوەی رژێمی حوکمە دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە هێزێکی زیاترە تا مامەڵە لەگەڵ مەحکومەکاندا بکەن زیاتر لەوەی جۆرەکانی دیکەی حوکم پێویستیانە، لەبەر ئەمە زیاتر پێویستیان بە نەریتی چوونە ژێر باری فراوانتر هەیە کە جێی باوەڕی خەڵک بێ، سەرباری ئەمەش رژێمی حوکمی دیکتاتۆری پێویستی بەوە دەبێ کە بتوانێ متمانە بکاتە سەر کەرتکەرلێکی گرنگی دانیشتوان بە لایەنی کەم لەو حاڵەتانەدا کە پێویستی پێیان هەیە".(2)

تیۆرزانی قانوونی (جۆن ئۆستن)ی ئینگلیز، لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە جۆرێ باسی دۆخی رژێمی حوکمە دیکتاتۆرەکان دەکات کاتێک رووبەڕووی گەلێکی تووڕە دەبنەوەو دەڵێ:

"ئەگەر زۆرینەی هاوڵاتییان بڕیاریاندا حکومەت لەناوببەن و ئارەزوویان هەبوو تەحەمولی کارە سەرکوتکارییەکانی بکەن لە پێناو گەیشتن بەم کارە، ئەوا نەهێزی حکومەت و نە ئەوانەی پشتیوانی حکومەت دەکەن ناتوانن حکومەتی بوغزێنراو بپارێزن. ئۆستن بەو دەرەنجامە گەیشت کە هیچ توانایەک لەبەردەستدا نامێنێ کە خەڵکی پێ ناچار بکا دووبارە بە بەردەوامی گوێڕایەڵ و ملکەچ بێتەوە "(3).

بەڵام نیکولا ماکیاڤیللی ماوەیەکی درێژ بەر لە ئێستا باسی لەوەکردووە کە ئەو میرەی" زۆرینەی خەڵک دوژمنایەتی دەکەن ناتوانێ ئاسایشی خۆی دابین بکاتو هەرچەند دڵڕەقتریش بێ ئەو هێندەش رژێمی حوکمەکەی لاوازتر دەبێ"4".

پراکتیکی سیاسی کردەیی ئەم دیتنە لە بەرەنگاریکردنی قارەمانانەی نەرویجییەکان لە دژی داگیرکاری نازیزمدا بەرجەستە دەبێ، هەروەها لە ئازایەتی پۆلەندی و ئەڵمان و چیک و سلۆڤاکییەکان و زۆرانی دیکە لەو گەلانەی بەرەنگاری دوژمنکاری و دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی بوونەوەو، لە کۆتاییشدا بەرەنگاربوونەوەیان بووە مایەی رووخانی حوکمی کۆمۆنیستی لە ئەوروپا، هەڵبەتە ئەم دیاردەیە تازە نییە چونکە بەرەنگاری ناتوندوتیژ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 494ی پ.ز کاتێک عەوامی خەڵک هاوکاری پیاو ماقوڵانی رۆمانیان نەکرد "5".

گەلان لە کاتی جیاجیادا، لە ئاسیاو ئەفریقیاو هەردوو ئەمریکاو ناوچەی ئاسیای ئوسترالی و دوورگەکانی ئۆقیانووسی ئارام و ئەوروپا خەباتی ناتوندیژیان بەکارهێناوە، دەرەنجام سێ فاکتەر دەستنیشانی پلەی کۆنترۆڵ یا کۆنترۆڵنەکردنی هێزی حکومەت دەکەن کە ئەمانەن:

1-ئارەزووی رێژەیی عەوام لە سەپاندنی سنوورێک بەسەر هێزی حکومەتدا.

2-توانای رێژەیی رێکخراو و دامەزراوە سەربەخۆیەکانی مەحکومەکان لە کارکردنیان بۆ پێشگرتنی دەستەجەمعیانەی سەرچاوەکانی هێز.

3-توانای رێژەیی هاوڵاتییان لە پێشگرتنی هاودەنگی و یارمەتییەکانیان.

سەنتەرەکانی هێزی دیموکراسیەت

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی لە هەبوونی چەندین گروپ و دامەزراوەی حکومەتی سەربەخۆ لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێ، بۆ نموونە خێزانەکان و ڕێکخراوە ئایینی و دامەزراوە رۆشنبیری و یانە وەرزشییەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان و سەندیکاکان و یەکێتییەکانی قوتابیان و حزبە سیاسییەکان و دێهاتەکان و یانەکانی پارک و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەکانی موزیک و کۆمەڵە وێژەییەکان و دامەزراوەکانی دیکە، بە جۆرێ گرنگی ئەم تەنانە لە خزمەتکردنی ئامانجەکانی خۆیان و دابینکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکاندایە.

سەرباری ئەمەش ئەو تەنانە بایەخێکی سیاسیان هەیە کە بنەمای دەستەجەمعی و دامەزراوەیی بۆ خەڵک دابین دەکەن کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانن کار لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بکەن و بەرەنگاری ئەو گروپانە یان حکومەت ببنەوە کاتێک دەستدرێژی دەکەنە سەر بەرژەوەندی و چالاکی و ئامانجەکانیان. کەسانی دووره پەرێز کە سەر بە هیچ کام لەم کۆمەڵانە نین ناتوانن کار لە کەسانی دیکەی کۆمەڵگا بکەن، هەڵبەتە پلەی کاریگەریشیان بەسەر حکومەتەوە کەمتر دەبێ و کاریگەریان بەسەر رژێمی حوکمە دیکتاتۆرەکاندا نامێنێ.

کەواتە ئەگەر حاکمە دیکتاتۆرەکان لە توانایاندا هەبوو دەست بەسەر سەربەخۆییو ئازادی ئەو دامەزروانەدا بگرن، هاووڵاتییان تارادەیەک لاوازدەبن، ئەگەر ئەگەری سەپاندنی کۆنترۆڵی دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتی ناوەندی هەبوو بەسەر ئەو دامەزراوانەدا، ئەوا دامەزراوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەندامانو ئەو بوارانە لە کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێن.

بەهەرحاڵ ئەگەر توانیمان ئەو دامەزراوە مەدەنیە سەربەخۆیانە بپارێزین و سەربەخۆییان بگەڕێنینەوە (لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدا) ئەوا زۆر بایەخدار دەبن بۆ پراکتیزەکردنی تەحەددای سیاسی، خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو نموونانەی سەرەوە لە پێناو لێکهەڵوەشاندنەوەو لاوازکردنی رژێمە دیکتاتۆرەکان، پراکتیزەکردنی فروان و چاونەترسانەی تەحەددای سیاسییە لە لایەن هاووڵاتییان و دامەزراوەکانیان.

هەروەکو لە سەرەوەشدا باسمانکرد سەنتەرەکانی هێز ئەو بنەمایانە دەبەخشنە دامەزراوەکان کە لە ڕێگەیانەوە دەکرێ فشار بخرێتە سەر کۆنترۆڵی دیکتاتۆریەت و تەحەددای بکرێت و، لە ئایندەشدا، ئەو سەنتەرانەی هێز دەبنە بەشێک کە ناکرێ دەسبەرداری ببین لە بنکەی بونیادی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، چونکە دەبینین کەوا سەربەخۆیی و گەشەکردنی بەردەوامیان دوو داواکاری پێویستی سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازانەن.

ئەگەر حوکمی دیکتاتۆری تارادەیەکی باش سەرکەوتووبێ لە وێرانکردن یان کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگا ئەوا پێویستە لەسەر بەرەنگاران کۆمەڵەو دامەزراوەی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی دیکە بخوڵقێنن یان کۆنترۆڵی دیموکراسیانە هەڵبژێرن بۆ مانەوە لە پێناو تەنها مانەوەدا یاخود لە پێناو ئەو دامەزراوانەی کە بەشێکیان کۆنترۆڵ کراوە.

لە کاتی شۆڕشی هەنگاریا لە ساڵانی 1956-1957 دا هەندێ ئەنجومەنی دیموکراسی راستەوخۆ سەریان هەڵدا دواتر یەکیان گرت تاکو بۆ چەند هەفتەیەک سیستەمێکی فیدراڵی دامەزراوەیی و حوکمکردن دابمەزرێنن، لە پۆڵەنداشدا، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو کرێکاران سەندیکای نا قانونی تەزامونیان پاراست و لە هەندێ حاڵەتانیشدا کۆنترۆڵی سەندیکا فەرمیەکانیان کرد کە کۆمۆنیستەکان کۆنترۆڵیان کردبوون، دەشێ ئەم تەرزە پێشکەوتنەی دامەزراوەیی دەرەنجامی سیاسی گرنگی لێبکەوێتەوە.

هەڵبەتە ئەمە واتای ئەوەنییە کە لاوازکردن و تێکشکاندنی رژێمی حوکمە دیکتاتۆرەکان کارێکی ئاسانەو، لە هەمان کاتیشدا ئەوە ناگەیەنێ کە هەر هەوڵێک سەردەکەوێ و، بەدڵنیاییەوەش مانای ئەوە نابەخشێ کە لە کاتی تێکۆشاندا پێکان روونادات، چونکە ئەوانەی هێشتا خزمەتی حاکمە دیکتاتۆرەکان دەکەن بەردەوامن لە جەنگدا بۆ ئەوەی گەل ناچار بکەن کە بگەڕێتەوە سەر هاوکاریکردن و گوێڕایەڵبوون.

ئەم لێتێگەیشتنەی هێز مانای ئەوەیە لێکهەڵوەشاندنەوەی بە ئەنقەستی رژێمە دیکتاتۆرەکان کارێکە دەشێ بکرێ، چونکە رژێمی حوکمە دیکتاتۆرەکان هەندێ تایبەتمەندییان هەیە کە دەیانخاتە بەر پراکتیزەکردنێکی لێزانانەی تەحەدداکردنی سیاسی.

پەراوێزەکان:

*جین شارب/ ( لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو دیموکراسیەت، فەسڵی سێیەم)

1-زی لیوجی (1311-1375) تای سیدنی لە ژێر ناونیشانی (Rule by Trick) وەرگێڕاوە، کە بە مانای (بەکارهێنانی خەڵەتاندن لە پێناو حوکمکردن) دێت، بەڵام ناونیشانی راستەقینەی چیرۆکەکە کە لە لایەن ئەنستیتوی ئەلبرت ئەنیشتاین

وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە (سزا ناتوندتیژەکان-Nonviolent Sanctions ) کە لە کامبریجی ماساتشوستس چاپکراوە.

ل3 (زستانی 1992-1993) ژ 3 بەرگی چوارەم.

2- Totalitaranism ،ed ،” in Carl J.Friedrich،Karl w. Deutsch “ Cracks in Monolith ،(Cambridge ،Mass: Harvard University Press ،1954) ،PP.313-314.

3- Lectures OF Jurisprudence or the Philosophy of Positive Law ( Fifth ،John Austin ،Edition ،revised and edited by Robert Campbell ،2 vol ،London: John Murray ،1911-1861) ،Vol. I ،p. 296

4- Niccolo Machiavelli ،”The Discourse on the First Ten Books OF Livy،“in the Discourse of Niccolo Machiavelli ،(London: Routledge and Kegan Paul ،1950) ،Vol.I ،p.254.

5-بڕوانە: Gene Sharp ،The Politiecs of Nonviolent Action ،(Boston: Porter Sargent ،1973) ،P.75.

(دیکتاتۆرییەتەکان)یش خاڵی لاوازییان هەیە

هەمیشە وا دێتە بەرچاو کە رژێمە دیکتاتۆرەکان ناکرێ توخنیان بکەوی، چونکە ئەوان کۆنترۆڵی ئەو توێژە بەهێزە بەرجەستە دەکەن کە موخابەرات و پۆلیس و سوپاو زیندانەکان و گرتووخانەکان و تیمەکانی ئیعدام و سامانی وڵات و سەرچاوە سروشتییەکانی و تواناکانی بەرهەمهێنانی هەڵدەسوڕێنێ و بەشێوەیەکی ستەمکارانە سوودیان لێوەر دەگرێ بۆ بەدیهێنانی ویستی خۆی.

بە بەراوردیش هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسیخواز وا دێنە بەرچاو کە لاوازو ناکاراو بێدەسەڵاتن، دەرەنجام ئەم تێگەیشتنە (واتە هێزی دیکتاتۆریەت کە ناکرێ دەسکاری بکرێ و لاوازی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی) وادەکا کە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بە دووربخاتەوە، بەڵام چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت.

دەستنیشانکردنی خاڵی کوشندە (پاژنەی ئەخیل)

یەکێ لە میتۆلۆژیاکانی گریک نموونەیەکی رۆشەنی بێ هێزی ئەو لایەنەیە کە پێمانوایە ناکرێ توخنی بکەوین، (ئەخیل)ی جەنگاوەر کە هیچ زەبرێک کاری تێنەدەکردو هیچ شمشێرێک جەستەی نەدەبڕی، کاتێ منداڵ بووە دایکی لە نێو ئاوی رووباری (ستایکس)ی ئەفسووناوی هەڵکێشابوو، ئەمەش لە دژی هەر مەترسییەکدا بەرگەی پێبەخشیبوو، بەڵام کاتێک دایکی خستبوویە نێو ئاوەکە پاژنەی گرتبوو تاکو تەوژمی ئاوەکە نەیبا، بۆیە ئاوە ئەفسووناوییەکە ئەو بەشە بچووکەی لەشی دانەپۆشیبوو، کاتێ (ئەخیل) گەورەبوو هەموو دەیانزانی کە لە بەرامبەر چەکەکانی دوژمن بەرگەی هەیە، بەڵام لە جەنگی (تەڕوادە)دا یەکێ لە سەربازانی دوژمن کە بەپێی رێنماییەکانی کەسێکی دیکە کاریدەکرد کە دەیزانی خاڵی لاوازیی ئەخیل کامەیە، تیرەکەی ئاراستەی پاژنەی ئەخیل کرد، کە تاکە شوێنە بکرێ ئەخیلی تێدا بپێکێ، زەبرەکەی کوشندەبوو، دەستەواژەی "پاژنەی ئەخیل" لەو کاتەوە تا ئەمڕۆکەشمان بەڵگەی لاوازی کەسێ یان پلانێ یاخود دامەزراوێکە کە هیچ پارێزەرێکی نەبێت.

ئەم پرانسیپە بەسەر رژێمە دیکتاتۆرە هەمەجیەکانیشدا دەسەپێ و ئەوانیش رووبەڕووی شکست دەبنەوە، بە جۆری ئەم شکستە زۆر خێراو بە کەمترین تێچوو دەبێ ئەگەر خاڵی لاوازی رژێمە دیکتاتۆرە هەمەجیەکانمان دەستنیشانکردو بە چڕی هێرشمان کردەسەری.

خاڵەکانی لاوازی رژێمە دیکتاتۆرەکان:

خاڵەکانی لاوازی رژێمە دیکتاتۆرەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

1-دەکرێ ئەو هاوکارییەی کۆی خەڵک یان گروپ و دامەزراوەکان پێشکەشی دەکەن کە بۆ بەگەڕخستنی رژێم پێویستە سنووردار بکرێ یان بکێشرێتەوە.

2-ڕەنگە داواکاری و کاریگەری سیاسەتەکانی ڕژێمی فەرمانڕەوا لە رابردوودا بەشێوەیەک لە شێوەکان تواناکانی ئێستای ڕژێم سنووردار بکەن لەوەیدا کە سیاسەتگەلێکی ناکۆک پێڕەوو پراکتیک بکات.

3-لەوانەیە کارەکانی ڕژێمی فەرمانڕەوا ببنە ڕۆتینێکی ناتەوان لە گونجان لەگەل بارودۆخە نوێیەکاندا.

4-سەختە کەسان و سەرچاوەکانی دابەشکردن کە هەندێ ئەرک جێبەجێ دەکەن بتوانن ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن کە دەرهاوێشتەی پێداویستییە نوێیەکانن.

5-لەوانەیە پێڕەوانی ڕژێم نەتوانن لە ترسی توڕەیی سەرۆکەکانیان ئەو زانیارییە دروست و کاملانە دابین بکەن کە حاکمە دیکتاتۆرەکان بۆ بڕیارەکانیان پێویستیانە.

6-لەوانەیە ئایدیۆلۆژیا خۆرکی لێبداو میتۆلۆژیاو هێماکانی ڕژێم جێلەق بن.

7-سووربوونی ڕژێم لەسەر تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژی کۆنکریتی دەبێتە هۆی بێ ئاگابوونی لە دۆخە واقیعییەکان و دوورکەوتنەوەی لە زەمینەی واقیع.

8-نالەباری جموجۆڵو توانای بیرۆکراسیەت یان زێدەڕۆیی لە یاساو ڕێوشوێنەکان دەبێتە هۆی بێ سوودی سیاسەتەکانی ڕژێمو ئیدارەکەی.

9-کێشمەکێشمی ناوخۆی دامەزراوەکان و کێبڕکێی نێوان کەسان و بارگاویبوون تێکڕا زیان دەگەیەنن و ڕێگرن لە بەردەم کارگێڕی ڕژێمی دیکتاتۆری فەرمانڕەوا.

10-خوێندکاران و هزرمەندان دووچاری دڵەڕاوکێ دەبن بەهۆی دۆخەکان و کۆتی بۆچوونەکان و چەوسانەوە.

11-بە تێپەڕبوونی کات تێکڕای گەل کەمتەرخەم و گوماناویی و دوژمنکارانە دەبن بەرامبەر بە ڕژێمی فەرمانڕەوا.

12-ناکۆکییە هەرێمی و چینایەتی و ڕۆشنبیری و نیشتمانییەکان توندتر دەبن.

13-زۆرجاران هەرەمی دەسەڵاتی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لەرزۆکەو هەندێ جارانیش گەلێ لەرزۆکە، بۆیە ئەو کەسانەی ئەم هەرەمە پێکدەهێنن بە بەردەوامی لە هەمان شوێنی خۆیاندا نامێنن و سەردەکەون و دادەبەزن لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دیکەو یان بە یەکجارەکی نامێنن و کەسانی دیکە شوێنەکانیان دەگرنەوە.

14-هەندێ لە بەشەکانی پۆلیس و سوپا بە دوای جێبەجێکردنی ئامانجە تایبەتییەکانیاندا سەرگەرمن هەتاکو ئەگەر لە دژی خودی فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکانیش بێ وەکو کودەتا سەربازییەکان.

15-ڕژێمە دیکتاتۆرە نوێیەکان پێویستیان بە کاتێک دەبێ تا بە جێگیری دابمەزرێن.

16-ڕوودانی هەڵە لە حوکمکردن و سیاسەت و کارکردندا کارێکی چاوەڕوانکراو دەبێ بەهۆی زۆری ئەو بڕیارانەی کەوا کەمینە لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا دەریان دەکات.

17-کەرەستەکانی هێزی ناوەندی لە ڕژێمەکانی حوکمی دیکتاتۆریدا خۆرک زەدە دەبن کاتێک بڕیار دەدا خۆ لەو مەترسیانە لابدات بەهۆی نامەرکەزییەت لە کۆنترۆڵکردن و بڕیارداندا.

هێرشبردنە سەر خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆریەت

ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی دەتوانێ لە ڕێگەی زانینی خاڵە ناوەکییەکانی لاوازی "پاژنەی ئەخیل" ئاستەنگ بۆ ڕژێمی حوکمی دیکتاتۆری بخوڵقێنێ لە پێناو گۆڕینو لێک هەڵوەشاندنەوەی.

دەرەنجامیش بەم شێوەیە ڕۆشەن دەبێ: سەرەڕای بەهێزی لە رووکاردا ڕژێمی حوکمی دیکتاتۆری خودان هەندێ خاڵی لاوازییەو بەدەست بێ توانایییەوە گرفتارەو کێبڕکێی کەسایەتی لە نێوان تاکەکانیدا هەیەو دامەزراوەکانی بەدەست ناکارایییەوە گرفتارن و ململانێ لە نێوان ڕێکخراوو فەرمانگەکانیەوە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە ڕێگرو وا لەو ڕژێمە دیکتاتۆرە دەکا کە کەمتر کارابێ و بکەوێتە بەر باهۆزی گۆڕین و بەرەنگاربوونەوە، ئیدی هەر شتێک کە ئەو پلانی بۆ دانبێ مەرج نییە سەرکەوێ، تەنانەت فەرمایشتەکانی (هیتلەر)یش هەندێ جاران جێبەجێ نەدەکران بەهۆی ڕەتکردنەوەیان لە لایەن ئەو کەسانەوە کە لە خوارەوەی ئەو دابوون لە هەرەمەکەداو هەندێ جارانیش زۆر خێرا دادەڕمێن هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەکرێ ڕژێمی حوکمی دیکتاتۆری بەبێ مەترسی و پێکان لەناو ببرێ، چونکە هەر ڕێگایەکی کارکردن لە پێناو ڕزگاریدا مەترسی و گرفتاری تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەکو چۆن هەر ڕێگایەکیش پێویستی بە کاتێک هەیە تاوەکو بکەوێتە کار، سەرباری ئەمەش دەمەوێ بڵێم هیچ شێوازێک نییە لە توانایدا بێ سەرکەوتنێکی خێرا بە دەست بهێنێ، بەڵام ئەو شێوازە خەباتانەی کە خاڵە لاوازەکانی ڕژێمەکانی حوکمی دیکتاتۆری دەکەنە ئامانج دەرفەتێکی باشتریان لە بەردەمدایە لەوانەی هەوڵدەدەن ڕووبەڕووی ئەو ڕژێمانە ببنەوە لە خاڵەکانی بەهێزیاندا:

لێرەدا دەمێنێتەوەو بپرسین: چۆن ئەم خەباتە دەست پێبکەین؟!

بنچینەکانی جێگیربوونی دیموکراسیەت *

لێکهەڵوەشانەوەی حوکمی دیکتاتۆری مایەی ئاهەنگێڕانێکی مەزنە، چونکە واتا دەبەخشێتە خۆشی و ئارامبوونەوەو چاکەکاری لەبەرانبەر ئەو خەڵکانەی ماوەیەکی درێژ گرفتاربوون و سەروماڵیان لەم پێناوەدا بەخشی، ئەوان شانازی بەخۆیان و هەموو ئەو کەسانە دەکەن کەوا لەگەڵیان تێکۆشاون لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی سیاسی. هەر تێکۆشەرێک لەژیاندا نامێنێ تا ئەو رۆژە ببینێ، بەڵام خەڵک یادی ئەوانە دەکەنەوە کە قارەمانانە ژیانیان بەسەربردو تا ئەو رۆژەی سەریان نایەوە یارمەتیدەری نووسینەوەی مێژووی ئازادی بوون لەوڵاتەکەیاندا.

بەڵام لەبەدبەختیان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کاتی کەمکردنەوەی وریابوون هاتووە، چونکە تادوای سەرکەوتنیش لە لێکهەڵوەشاندنەوەی رژێمی حوکمی دیکتاتۆری لە رێگەی بەکارهێنانی تەحددای سیاسییەوە، پێویستە رێوشوێنێکی خۆپارێزی ئاگا بگیرێتە بەر بۆ رێگرتن لەسەرهەڵدانی رژێمێکی دیکەی سەرکوتکار کە دۆخی ئاژاوەی دوای قۆناغی لەناوبردنی رژێمی سەرکوتکاری پێشوو بەرهەمی دەهێنێ. پێویستە لەسەر سەرکردەکانی ئەو هێزانەی پاڵپشتی دیموکراسیەتن پێشوەخت ئامادەبن بۆ وەرچەرخانێکی ئۆرگانیزە کراو بەرەو دیموکراسیەت. پاشان پێویستە هەیکەلی دیکتاتۆریەت لێکهەڵوەشێنرێتەوەو، دواتریش بناغە دەستووری و قانوونی و پێودانگەکانی رەفتاری دیموکراسیەکی پتەو بنیات بنرێت. دەبێ هیچ کەسێک باوەڕ نەکات کە کۆمەڵگەیەکی ئایدیال دەسبەجێ دوای رووخانی رژێمی حوکمی دیکتاتۆری دێتە ئاراوە، چونکە رووخانی حوکمی دیکتاتۆری خاڵی دەسپێکە لەسایەی بارودخێکی باشتری ئازادیدا کە بوار دەرەخسێنێ بۆ هەوڵ و کۆششی درێژخایەن لەپێناو پێشخستنی کۆمەڵگەو دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکان بەشێوەیەکی باشتر. کێشە مەترسیدارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تا ساڵانێکی درێژ هەر دەمێنن، ئەمەش پێویست دەکات خەڵکو کۆمەڵانێکی زۆر هاوکار بن لەپێناو دۆزینەوەی رێگاچارەیەک. بۆیە پێویستە لەسەر سیستەمی سیاسی نوێ هەل بۆ خەڵک دابین بکات وێڕای جیاوازی راوبۆچوونیان تاکو کاری بنیاتنەر تا سەر ببەن و پێشکەوتنی سیاسی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان لەداهاتوودا بە ئاکام بگەیەنن.

مەترسی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتێکی نوێ

کاتێکی زۆر لەوەوپێش ئەرەستۆ ئاگاداری کردینەوە کە "حوکمی ستەمکار هەمدیس دەتوانێ بەرەو حوکمێکی ستەمکارانە وەرچەرخێ "(1) مێژوو گەلی نموونەی لەو بابەتەمان بۆ دابین دەکا هەروەکو یەعقوبیەکان و ناپلیۆن لەفەرەنساو بەلشەفییەکان لە رووسیاو ئایەتوڵا لە ئێران و ئەنجوومەنی سەربازی دەوڵەت بۆ بەرقەرارکردنی یاساو سیستەم لە بۆرماو گەلی شوێنی دیکەش، چونکە هەندێ کەس و گروپ رووخانی رژێمی سەرکوتکار بەهەل دەزانن بۆ ئەوەی ئەوان ببنە کێخوای نوێ. جا لەوانەیە پاڵنەری ئەو کەس و گروپانە جیاوازبێ، بەڵام گەلی جاران دەرەنجامەکان پێکدەچن بەشێوەیەک رژێمی حوکمی دیکتاتۆری نوی جڵەو بە دەست وگەلی ستەمکارانەتر دەبێ لە دیکتاتۆریەتی پێشتر.

هەندێ لەئەندامانی رژێمی حوکمی کۆن تەنانەت بەر لەدارمانی رژێمی حوکمی دیکتاتۆریش هەوڵدەدەن رێگا لەبەردەم تێکۆشانی تەحدداکارانەی بەرەو دیموکراسیەت ببڕن لەرێگەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی بۆ دەست گرتن بەسەر ئەو سەرکەوتنەی بەرەنگاری میللی بەدیهێناوە. ئیدی رەنگە ئەو ئەندامانە بانگەشەی ئەوە بکەن کە گوایە رژێمی حوکمی دیکتاتۆری رادەماڵن، بەڵام لەراستیدا دەیانبینێ کە هەوڵدەدەن کۆپییەکی پێشخراوی نموونەی کۆن بسەپێنن.

سەرچاوەی کودەتاکان

چەند رێگایەک هەیە دەتوانین بەهۆیانەوە شکست بە کودەتاکان بهێنین لەو کۆمەڵگایانەی تازە رزگاربوون، رەنگە زانینی پێشوەختی ئەم توانایەی داکۆکیکردن بەس بێ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی کودەتاکارانە، چونکە ئامادەکاری، خۆپاراستن بەرهەمدێنێ.(2)

جێبەجێکارانی کودەتاکان دەسبەجێ و دوای کودەتاکە هەوڵدەدەن داوای ڕووپۆشێکی شەرعی بکەن کە ڕەزامەندی بەرانبەر بە مافی سیاسی و ئەخلاقیان لە حوکمکردندا بۆ دابین بکات، جا یەکەمین پرانسیپی بنەڕەتی بۆ کارکردن لەدژی کودەتاکان لێرەدا بریتیە لە نکۆڵیکردن لەو شەرعیەتەی جێبەجێکارانی کودەتاکان هەوڵدەدەن بە دەستیبهێنن.

دواتر جێبەجێکارانی کودەتاکە داوا لەسەرکردە سڤیل و هاوولاتیان دەکەن پشتیوانیان لێبکەن یان لایەنگریان بن یاخود لەدۆخێکی نێگەتیڤدا بن. دواتریش داوای هاوکاری پسپۆران و راوێژکاران و بیرۆکرات و فەرمانبەرانی حکومەت و سەرپەرشتیاران و دادوەران دەکەن لەپێناو سەقامگیرکردنی کۆنترۆڵیان بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کوەدتا کە تێیدا روویداوە. پاشانیش داوای ملکەچی ئەو کەسانە دەکەن کە لەسیستەمی سیاسی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەو ئابووری و پۆلیس و سوپادا کاردەکەن و ،داوایان لێدکەن کارەکانی خۆیان بەپێی ئەو دەسکارییانە ئەنجامدەن کە فەرمایشت و سیاسەتەکانی جێبەجێکارانی کودەتاکە دەیسەپێنن.

دووەمین پرانسیپی بنەڕەتی بۆ کارکردن لەدژی کودەتاکان بریتیە لە بەرەنگاربوونەوەی جێبەجێکارانی کودەتاکە لەرێگەی هاوکاری نەکردن و تەحەداکردنیان، چونکە پێویستە ڕێگە بگرن لەو هاوکاری و یارمەتییەی کە پێویستیانە، واتە ئێمە هەمان شێوازەکانی تێکۆشان دەگرینە بەر لەدژی ئەو هەڕەشە تازەیەدا، کە لەدژی ڕژێمی دیکتاتۆریدا گرتمانە بەر، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ جێبەجێکرنی راستەوخۆدا، ئیدی ئەگەر شەرعیەت و هاوکاری لە کودەتاکە قەدەغەکران دەبینین کەوا لە بەر برسیەتی سیاسی دەمرێ و هەلی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی بەدەست دەهێنین.

نووسینی دەستوور

سیستەمی دیموکراسی نوێ دەستوورێکی گەرەکە کار بکا بۆ دامەزراندنی چوارچێوەی حکومەتێکی دیموکراسی ویستراو، چونکە ئەم دەستوورە ئامانجەکانی حکومەت و سنوورەکانی کۆنترۆڵ و شێوازەکانی و کاتەکانی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکات لەپێناو هەڵبژاردنی فەرمانبەرە حکومی و یاسادارانەران و مافە سروشتیەکانی هاوولاتیان سوودی لێوەردەگرێ و، هەروەها پەیوەندییەکانی حکومەتی  نیشتمانی بەلایەنی کەمی ئاستەکانی دیکەی حکومەتدا دەستنیشان دەکا.

پێویستە هەرسێ دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادەوری بەشێوەیەکی روون لێکجیابکرێنەوە، تاکو حکومەتی ناوەند هەر بە دیموکراسی بمێنێتەوەو، دەبێ کارەکانی پۆلیس و هەواڵگەری و سوپا بەشێوەیەکی پتەو کۆتیان بخرێتە سەر کە رێگر بێ لەبەرانبەر هەر دەستێوەردانێکی یاسایی سیاسییەوە. جا باشتر وایە دەستوور بەدەق ئاماژە بە دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵ بکات، لەگەڵ دانی هەندێ تایبەتمەندی بە ئاستە هەرێمیەکان و ئاستی ویلایەتەکان و ئاستی خۆجێیی حکومەت، لەپێناو پاراستنی سیستەمی دیموکراسی و قەدەغەکردنی سەرهەڵدانی ئاڕاستەی دیکتاتۆرانە، بۆ نموونە دەکرێ لەهەندێ حاڵەتدا سیستەمی هەرێمایەتی سویسرا پراکتیزە بکرێ کەوا تایبەتمەندی تا رادەیەک گەورە دەبەخشێتە ناوچەی بچووک. ئەگەرچی هەر وەکو بەشێکی تێکرای دەوڵەت دەمێنێتەوە.

جا بەهەبوونی دەستوورێکی وەکو ئەمە کە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێت لە قۆناغێکی پێشتری مێژووی ئەو وڵاتەی تازە رزگاربووە، ئەوا دانایی لەوەدایە کە دووبارە بە هەندێ دەسکاری پێویستەوە بەکارهێنرێتەوە ، بەڵام ئەگەر دەستوورێکی پێشتر نەبوو ئەوا باشتر وایە کار بەدەستوورێکی کاتی بکرێت، ئەگەر نا پێویستە لەسەرمان دەستوورێکی نوێ دابنێین، کە ئەمەش کات و بیرکردنەوەیەکی زۆری دەوێت، سەرباری ئەمەش باشتر وایە جەماوەر لەداڕشتنی دەستووری نوێدا بەشداربێ و، لەکاتی پەسندکردن یا هەمووارکردنی هەر دەقێکی دەستوورەکەشدا رەزامەندی جەماوەر پێویستە. شایانی باسکردنە کە پێویستە لەسەرمان وریا بین لەوەیدا کە هەندێ بەڵێن لەدەستوورەکەدا دانەرێژین کە مەحاڵە بهێنرێتە دی، یاخود هەندێ حوکم داڕێژین کە جێبەجێکردنیان پێویستی بە حکومەتێکی گەلی مەرکەزی هەبێ، چونکە هەردوو ئەمانە رێگا خۆشدەکەن بۆ دامەزرانی رژێمی حوکمێکی دیکتاتۆری.

پێویستە زمانی دەستوور ساناو رەوان بێ بەلای زۆرینەی گەلەوە، بۆیە نابێ دەستوور ئاڵۆز یان شاراوە بێ تا ئەو رادەیەی کە پارێزەران یاخود هەڵبژاردەکانی دیکە بەتەنها  لێی تێبگەن.

سیاسەتی داکۆکیکردنی دیموکراسیانە

رەنگە دەوڵەتی رزگارکراو رووبەرووی هەڕەشەی بیانی ببێتەوە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان پێویستی بە توانا گەلێکی داکۆکیکردن هەیە، لەوانەشە رووبەڕووی هەڕەشەی ئەو هەوڵە بیانیانە ببێتەوە کە مەبەستیان کۆنترۆڵکردنی ئابووری یان سیاسی یاخود سەربازی وڵاتەکەیە، بۆیە پێویستە لەسەرمان پراکتیزەکردنی پرانسیپەکانی تەحدای سیاسی بە جیدی وەرگرین لەپێناو

پاراستنی دیموکراسی ناوەخۆ. (3) چونکە بە دابینکردنی تواناکانی بەرەنگاربوونەوە لەبەر دەستی گەل دا ،دەوڵەتی تازە رزگاربوو توانای دەبێ خۆ لە بنیاتنانی توانای سەربازی گەورە لابدات کە هەڕەشە لە دیموکراسیەت دەکات، یان پێویستی بە بەکاربردنی سەرچاوەگەلێکی ئابووری مەزن دەبێ کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیکە پێویستن !

پێویستە ئەوەمان لەبیربێ کە هەندی گروپ هەڵدەستن بە فەرامۆشکرنی ئەحکامە دەستووریەکان لەپێناو دامەزراندنی رژێمی حوکمێکی دیکتاتۆری نوێ، بۆیە گەل رۆڵێکی بەردەوامی هەیە کە لە رێگەی تەحەددای سیاسی و هاوکاری نەکردن پێی هەڵدەستێ لەدژی هەر رژێمێکی حوکمی دیکتاتۆری گەر بیەوێ دامەزرێ و، لەهەمان کاتیشدا ئەو رۆڵە دەگێڕێ لەپێناو پاراستنی ئیسکلێت (هیکل)و مافەکانو رێوشوێنە دیموکراسییەکان.

بەرپرسیاریەتیەکی مستەهەق

بەرهەمی تێکۆشانی ناتوندوتیژ تەنها لە لاوازکردن و نەهێشتنی حاکمە دیکتاتۆرەکاندا بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو بەهەمان شێوە لە بەهێزکردن و پتەوکردنی ئەو گەلانەشدا دەبینرێ کە بەدەست چەوساندنەوەی ئەو حاکمانە گرفتاربوون، چونکە ئەو پتەوکردنە توانا دەبەخشێتە ئەو گەلانەی رۆژێک لەرۆژان هەستیان دەکرد کە تەنها داشی شەترەنجن یاخود قوربانین، بەشێوەیەکی راستەوخۆ هێز بەدەست بهێنن و بە پشت بەخۆبەستن ئازادییەکی گەورەترو دادپەروەرییەکی مەزنتر دەستەبەر بکەن. دەرەنجامە دەروونیە گرنگەکانی تێکۆشان پۆزەتیڤانە رەنگدانەوەیان دەبێ بەسەر زیادکردنی متمانەی گەلان بەخۆیان و رێزگرتنی زیاتر لەخۆیان.

یەکێ لەگرنگترین دەرەنجامە بەسوودەکانی تێکۆشانی نا توندوتیژ بۆ بنیاتنانی حکومەتێکی دیموکراسی، لەماوەیەکی دوورتردا، بریتیە لەوەی کە کۆمەڵگە توانای زۆرتر بەدەست دەهێنێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە هەنووکەیی و گرفتەکانی ئایندە، کە رەنگە گەندەڵی حکومەت، یا ئەنجامدانی توندوتیژی لەدژی گروپ گەلێکی دیاریکراو ، یاخود نەبوونی دادپەروەری ئابووری بگرێتە خۆو، کۆت لەسەر یەکسانی دیموکراسیانە لەسیستەمی سیاسیدا دابنێ. ئیدی ئەو گەلانەی خاوەن ئەزموونن لە تەحەددای سیاسیدا کەمتر دووچاری رژێمی حوکمە دیکتاتۆرەکان دەبنەوە.

زانینی بەکارهێنانی تێکۆشانی ناتوندوتیژ، دوای رزگاربوون ، رێگا گەلێک دابین دەکات بۆ داکۆکیرکردن لە دیموکراسیەت و ئازادیە سڤیلەکان و مافەکانی کەمینەکان و تایبەتمەندییەکانی حکومەتە خۆجێی و هەرێمەکان و دامەزراوە سڤیلەکان، هەروەها ئەم رێگایانە توانا دەبەخشنە تاکو گروپەکان کە نارەزایی خۆیان، بەشێوازی ئاشتیانە دەربڕن بەرانبەر کێشەگەلێکی گرنگ، بێئەوەی پەنا بەرنە بەر تیرۆرو جەنگی پارتیزانی کە رەنگە هەندێ گروپی بەرهەڵستکار پێڕەوی بکەن.

مەبەست لە خستنە رووی ئەو بیرۆکانە لە ئازامیشتکردنی تەحددای سیاسی یان تێکۆشانی نا توندوتیژ، یارمەتیدانی ئەو تاکو گروپانەیە کە هەوڵدەدەن لەپێناوی دەربازبوون لەچەوسانەوەی دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسیانەی بەردەوام کە رێز لە ئازادیە مرۆییەکان و ئەو کارە جەماوەرییانە بگری کە ئامانجیان پێشخستنی کۆمەڵگەیە.

لێرەدا سێ بەرەنجامی سەرەکی لەو بیرۆکانەی خراونەتە روو بەدەست دەهێنین کە ئەمانەن:

*رزگاربوون لە رژێمێکی حوکمە دیکتاتۆرەکان کارێکە دەکرێ.

*بەدەستهێنانی رزگاری بایەخی تەواوی بیرکردنەوەو پلاندانانی گەرەکە .

*وریابوون و کاری بێووچان و تێکۆشانی دیسپلینکراو، کە هەندێ جاران گران بەهان، کاری پێویستن.

ئەو گوتە بەربڵاوەی کە دەڵێ (ئازادی بە خۆڕایی نایەت) وتەیەکی راستە، چونکە هیچ هێزێکی دەرەکی نییە ئەو ئازادییە ببەخشێتە گەلانی چەوساوە کە ئارەزووی دەکەن و، پێویستە خەڵک فێربن کە چۆن خۆیان ئەو ئازادییە بەدەست دەهێنن، ئەمەش ئاسان نییە.

تێگەیشتنی خەڵک لەوەی کە لێیان داواکراوە لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی، توانایان پێدەبەخشێ کە نەخشە بۆ کارەکانیان دابنێن کە بەرەو بەدەستهێنانی ئەو ئازادییە پێشەنگییان دەکا وێڕای ماندووبوونێکی زۆر، دواتریش توانایان دەداتێ لە رێگەی کۆڵنەدانەوە، سیستەمێکی دیموکراسی نوێ بنیات بنێن و، خۆشیان ئامادە بکەن بۆ داکۆکیکردن لەو سیستەمە.

ئەو ئازادییەی لە رێگەی ئەم جۆرە تێکۆشانەوە دێتە دەست دەمێنێ و، پارێزگاری کردنیشی لە رێگەی یەکانگیری جەماوەرو پاراستنی و پشتیوانی کردنیەوە دەبێ.

پەراوێزەکان:

*فەسڵی دەیەمی (لە دیکتاتۆرییەتەوە بەرەو دیموکراسی)، د. جین شارب.

1-Aristotle، The Politics، Book V، Chapter 12، P.2333.

2- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (کودەتاکانی دژ بە بەرەنگاری)

Boston) Gene sharp. The Anti- Coup، MA) )

ئەنستیتۆی ئەلبێرت ئەنشتاین 2003.

3-بڕوانە : gene sharp.  Cirilian-Based defense:

Princeton) A post-Military Weapons System، New jersey: Prin ceton University Prees، 1990).

چەند گوتەیەکی جین شارپ

*گەل رۆڵێکی بەردەوامی هەیە کە لە ڕێگەی تەحەددای سیاسی و هاوکاری نەکردن پێی هەڵدەستێ لەدژی هەر رژێمێکی حوکمی دیکتاتۆری گەر بیەوێ دامەزرێ..

* دەرەنجامە دەروونیە گرنگەکانی تێکۆشان پۆزەتیڤانە رەنگدانەوەیان دەبێ بەسەر زیادکردنی متمانەی گەلان بەخۆیان و ڕێزگرتنی زیاتر لەخۆیان..

*هیچ هێزێکی دەرەکی نییە ئەو ئازادییە ببەخشێتە گەلانی چەوساوە کە ئارەزووی دەکەن و، پێویستە خەڵک فێربن کە چۆن خۆیان ئەو ئازادییە بەدەست دەهێنن، ئەمەش ئاسان نییە..